## کورد لە هەندەران

# نادیەو گۆرانی و ئاوازی کوردی



**نادیا کچە گۆرانی بێژێکی کوردە ماوەیەکە هاتۆتە نێو دنیای هونەرو چەند بەرهەمێکی تازەی هەیە بەشێوازێکی نوێ بەرهەمی هێناوەو بەنیازە سەردانی کوردستان بکات. بۆ زیاتر ناساندنی ئەم چاوپێکەوتنەمان لەگەڵ سازدا کە یەکەم دیدارییەتی لەگەڵ دەزگاکانی راگەیاندن**

**دیمانە: نیاز عەزیز**

*** نادیا کێیە؟**

– ناوم نادیە ئاهەنگ یاسین، لە گەڕەکی سێتاقانی شاری هەولێر لەدایک بووم، لە منداڵییەوە کوردستانم بەجێ هێشتووە لە هەشتاکان بەهۆی بارودۆخی کوردستان وەکو هەر کوردێک ئاوارەی ئێران بووین، بەڵام لەدڵەوە هەرگیز لە یادم نەچووەوە. 4 ساڵ لە سوید ژیاوم؛ لە ساڵی 1989 لە کەنەدا دانیشتووم لەگەڵ دایک و باوک خوشکێک و دوو برا، لە ساڵی 1998 بەهۆی کاری هونەرییەوە عەلی هەدیسیم پێ ناساندرا، کە پیانۆژەنێکە ئەویش لەمنداڵییەوە ئاوارەبووە. ئێستا هاوسەرمە.

*** کەی هاتویتە ناو دنیای هونەر؟**

– لەوەتەی لەیادم دێت گۆرانی و مۆسیقا رەفیقێکی دایم بووە لە هەموو کاتی ژیانم دا خۆشی و ناخۆشی هاندەرم نەبووبێت بلێم خودی مۆسیقا بووە ئەو هەستەی کەپێی داوم و زۆر زەحمەتە بەبێی بژیم وەکو خوێن بۆ دەروون پێویستم پێی هەیە کە جار جار بۆ زەوقی خۆم گۆرانیم دەگوت لە ساڵی 1998 بڕیارم دا بەرەسمی بێمە نێو دنیای هونەر، زۆر ئاهەنگمان بەبۆنەی نەورۆزو یادەکانی دیکە گێڕا، بە هەوڵدانی خۆم و هاوسەرەکەم.

*** کێ هاندەرت بووە؟**

–مۆسیقا لە ماڵی ئێمە هەمیشە جێگای خۆی هەبووە، باوکم کاتی خۆی ئەکتەر بووە لە منداڵییەوە تاکو ئێستاش پیانۆ لە لەماڵەوەمان هەیە، رەفیقەکانم زۆر هانیان دەدام بچمە نێو دنیای هونەر ئەوان یەکەم هاندەرم بوون.

*** تا ئێستا چەند بەرهەمت هەیە؟**

– یەکەم CD بەناوی (تۆم لەبیرە) کە لەشەش گۆرانی کوردی و یەک گۆرانی ئینگلیزی پێکدێ بڵاوکردۆتەوە کلیپی گۆرانی شادم لە کەناڵەکانی کوردستان پەخشکراوە، دوو کلیپی نوێم ئامادە کردووە بۆ گۆرانی (تۆم لەبیرە) و (یار)، هەروەها لەسەر گۆرانییەکی نوێ کاردەکەم بەم زوانە تەواو دەبێت.

*** حەز بەدەنگی کام گۆرانی بێژ دەکەی؟**

– ئێمە هونەرمەندی باشمان گەلێک زۆر هەیە و ناتوانم ناوی هەموویان بلێم بەڵام من زۆر حەز لە دەنگی هونەرمەند (قادری سەییاحی) دەکەم و هەروەها (شەهریڤان، ئالان عومەر، ناسری رەزازی، زەکەریا، میکایل، لەیلا فەریقی) بەڕاستی کاریان دیارەو دەست خۆشیان لێ دەکەم؟

*** جگە لە کاری هونەری؟**

– دەخوێنم و بەم زوانە دەچمە خوێندنی مۆسیقاش بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی زانستی شارەزایی پەیدابکەم تا بتوانم خزمەتی هونەری کوردی بکەم.

*** دوا وتەت بۆ خوێنەرانی رۆژنامەکەمان؟**

– زۆر سوپاس بۆ ئێوەی بەرێزو خوێنەرانی رۆژنامەی خەبات.

بەهەردووزمانی کوردی کراوەتەوە.